نێچیرڤان بارزانی : بەرەوی هەر بیر و وتەی و ستەم و دەستدرێژی دژ ستینەوە کە روبەروی ژنان ببێتەوە



ئەمڕۆ هەینی"نێچیرڤان بارزانی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا بەبۆنەی 8 مارس رۆژی جیهانی ژنان رایگەیاند:بەرەوی هەر بیر و وتەی و ستەم و دەستدرێژی و هەراسانکردن و ناهەقییەکدا دەوەستینەوە کە بەرامبەر بە ژنان بکرێت.

لەڕاگەیندراوێکی سەرکایەتی هەرێمدا هاتووە:- ئەمڕۆ هەینی "نێچیرڤان بارزانی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ،بۆبۆنەی 8 مارس پەیامێکی پیرۆز بایی بۆاو کردووە کۆئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە :-

یادی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، بە گەرمی لە هەموو ئافرەتانی کوردستان، عێراق و جیهان پیرۆز دەکەم، لە هەوڵ و کار و خەباتیاندا بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و تەواوی مافەکانی ژنان، وەك هەمیشە بەوپەڕی بڕوا و تواناوە هاوکار و پشتیوانیانم، هیوای بەرەوپێشچوونی بەردەوام و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

لەم یادەدا بە ڕێز و پێزانینەوە هەموو ئەو ئافرەتە بوێرانە بەبیردەهێنینەوە کە لە کاروانی خەباتیاندا بۆ پاراستن و بەرگری لە مافەکانیان سەریان نایەوە، یان بە ناهەق بوونە قوربانیی توندوتیژی و بیری توندەوی و دواکەوتوویی. دووپاتی دەکەینەوە بە هەموو

توانایەك بەووی هەر بیر و وتە و ستەم و دەستدرێژی و هەراسانکردن و ناهەقییەکدا دەوەستینەوە کە بەرامبەر بە ژنان بکرێت.

لە کاتکدا بە گەشبینی و بە چاوی ئومێدەوە لە کارایی و بەشداری و هاوبەشیی ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە کوردستان دەڕوانین، دووپاتی دەکەینەوە کە خوازیاری زیاترین و وەك هەمیشە لە کار و هەوڵ و کۆششمان بەردەوام دەبین بۆ فەراهەمکردن و مسۆگەریی زیاتری ئازادی و ئامادەیی و دەرفەت و پێگەی ئافرەت لە هەموو کایە و بوارەکانی ژیاندا. هەر لێرەدا داواکارین لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گرنگیی زیاتر بە کاندیدکردنی ژنان بدەن.

کۆمەڵگەیەکی ئازاد و شارستانیی پێشکەوتوو کە ئارام و ئاسوودە بێت، کە نەوەیەکی دروست و بە توانا پێبگەیەنێت و داهاتوویەکی باشتر بنیات بنێت، بەبێ ئازادی و یەکسانی و مافەکانی ئافرەتان نایەتە دی. بۆیە ئەرکی هەموومانە لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە بەم بۆوا و تێگەیشتنەوە، پشتیوانی لە خەباتی ژنان بکەین و تا سەرکەوتن لەگەڵیاندا بین.

هەشتی مارس لە هەمووان پیرۆز بێت